February

2015

# بنەما سەرەکییەکانی کێشەی ئێزیدییان لە کوردستان و عێراق

## کارەساتی شەنگال وەک نموونە

ڕاپۆرتی ژمارە:26

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان


ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان

پردێک لە نێوان خەڵک، زانست و دەسەڵات

IRDK

# بنەما سەرەکییەکانی کێشەی ئێزیدییان لە کوردستان و عێراق

## کارەساتی شەنگال وەک نموونە

**لێکۆڵینەوەی ئەنستیتیۆی توێژینەوە و گەشەپێدان. ک2/ 2015**

**مەبەست:**

لەو سەمینارە لێکۆڵینەوەیە، لە مێژووی کارگێڕیی ناوچەی ئێزیدییەکان، بە تایبەتیش شاری شەنگال. هەروەها بیرکردنەوەیە، لەسەر ئەو کەموکوڕیانەی، لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی ئێزیدی وەک کورد، لەگەڵ بەشەکەی دیکەی دانیشتوانی کوردستانی بەتایبەتی کوردی موسوڵمان، هەیانە. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو کەم و کوڕیانەی کە کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردستان، لە وەرگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئێزیدییە کوردەکان، بە درێژایی مێژوو هەیانبووە، چ کاردانەوەیەکی، لەسەر کارەساتەکانی ئەم دواییەی ناوچەی شەنگالدا (پەلاماری داعش ئاب/٢٠١٤) هەبووە.

**لایەنی دەروونی:**

بەشی دووەمی سەمینارەکە، باس لە ڕێوشوێنی بە هاناوەچوونی قوربانییەکانی ئێزیدی دەکرێ، چ ئەوانەی لە ناوچەکە ماونەتەوە و یان ئەوانەی ئاوارەن. هەروەها باس لەوە کرا، چ میکانیزمێک بگیردرێتەبەر، بۆ ئەوەی ئافرەتانی قوربانیی، منداڵانی کەوتووی دەستی داعش، کە پەلاماری جەستەیی و دەروونی دراون، چۆن وەربگیرێنەوە و تیماربکرێن، بخرێنەوە سەر کار و ژیانی ئاسایی خۆیان.

**سیستمی کارگێڕیی داهاتوو:**

بەشی سێیەمیان باس لە بیرۆکەی دروستبوونی سیستەمی ئیداری لە ناوچەی شەنگال و ناوچەی ئێزیدیان بە گشتی دەکرێ. هەوڵی دۆزینەوەی پیشنیارێک دراوە، بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی، لە ناوچەی ئێزیدیان بە گشتی و شەنگال بە تایبەتی. بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر تا ئەو ناوچەیە بە خێرایی ئاوەدان بکرێتەوە و بکرێت بە ناوچەیەکی پێشکەوتوو بە سیستەمی نوێ کە بگونجێ لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی ئێزیدییەکان. هەروەها زەمینەی وەرگرتنەوەی ئاوارەکان و قوربانییەکان، خستنەوە سەرکاریان دابین بکات.

**لایەنی دەستووریی:**

بەشی چوارەم، باس لە لایەنی دەستووری، واتە باسی دەستوری عێراق دەکات کە چۆن بڕیاری لەسەر سیستەمی ئیداری عێڕاق داوە. ئەگەر گۆڕانکاری لە ناوچەی شەنگال یان ناوچەکانی دیکە بکرێ، ئەوا چ دەرهاویشتەیەکی دەستوری دەبێت و چ ئاستەنگێکی لە پێشە.

**مادەی ١٤٠:**

بەشی پێنجەم و دوا تەوەری سەمینارەکە، پەیوەندی بە دەرهاویشتە سیاسییەکان و هەر دەسکاری کردنێکی ئیداری و سیاسی هەیە، لە ناوچەی شەنگال. ئەم ناوچەیە، دەکەوێتە سنووری مادەی 140ی دەستوری عێراق، ناوچەیەکی کێشەلەسەرە. حکومەتی عێراق، پارێزگای نەینەوا وەک پارێزگای سوننەکانی عەرەب، هەروەها هەرێمی کوردستان، کێشەیان لە چارەنووسی شەنگال هەیە. ئەگەر شەنگال بکرێ بە پارێزگا یان هەر دەسکاری کردنێکی ئیداری، چ دەرهاویشتەیەکی سیاسی تێدا دەبێت.

## تەوەری یەکەم:

# لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگای ئیزیدی و ئاستەنگەکانی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگای موسڵمانی کوردستانی.

کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزیدی، بە زمان و نەتەوە کوردن بەڵام خاوەنی دینی تایبەتی خۆیانن. ئەم دینە بە هیچ شێوەیەک لقێک نییە لە دینی ئیسلام، هیچ تێکەڵاویەکی لەگەڵ دینی ئیسلام نیە. دینی ئێزیدی وایکردووە، کۆمەڵگەی ئێزیدی بۆخۆی کۆمەڵگایەکی داخراوبێت، بە تایبەتی بەرانبەر بە ژنان. هەروەها کۆمەڵگایەکی داخراوە، بەرانبەر بە غەیرە ئێزیدییەکان. یەکێک لەو دینانەیە کە بە ئێزیدی بوونی پەیڕەوانی دینەکانی تر قەبوڵ ناکات.

کۆمەڵگای ئێزیدی، مێژووی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم مێژووە، دەبێتە بەشێک لە مێژووی کۆمەڵگای کوردستان، بەڵام ئەو ئازارانەی کەوا کۆمەڵگای خۆجێیی ئێزیدی، بە درێژایی مێژوو بینیویەتی، ئازارێکی تایبەتییە و پەیوەندی بە دینی ئەوانەوە هەیە. ئێزیدییەکان بە درێژایی مێژوو، کەوتوونەتە بەر پەلاماری موسڵمانانی دەوروبەری خۆیان. بە گوێرەی ئەو مێژووەی،  لە دەقە پیرۆزەکانی دینی ئێزیدی ڕەنگی داوەتەوە، تەنیا ئەو فەرمانەی دوایی کە داعش کردوویەتی بە دەستی کورد نەبووە، ئەگینا هەموو فەرمانەکانی پێشوو کە لە مێژوودا بەسەر ئێزیدیان هاتووە و تێیدا کۆمەڵکوژ کراون، لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگوێزراون، ژن و منداڵیان بە دیل بردراوە، هەمووی بە دەستی خێڵ و میرە کوردەکانی موسڵمان بووە. کەواتە کێشەیەکی دینی، بووە بە کێشەیەکی مەعریفی، واتە ڕوانگە و تێڕوانینی کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزیدی، بەرانبەر بە کۆمەڵگای گشتی کوردستان دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە کۆمەڵگەی موسڵمانی بە هەڕەشە زانیوە بۆ سەر خۆی. لە پێناوی خۆپاراستندا لە ناوچەکانی خۆیان، خۆیان حەشارداوە، ئەوەندەی لوابێت، پەڕەوییان لە شێوازی "تەقییە"کردن کردووە. واتە خۆ دوور گرتن و شاردنەوەی بیروڕاکانیان، لە دەرەوەی ناوچەی ئێزیدیاتی، ئەوەندەی کرابێ خۆنیشاندانیان وەک موسڵمانێک، پەیڕەو کردووە.

ئێزیدییەکان لەناخەوە وادەزانن، کوردی موسڵمان لە ڕووی دینییەوە، بڕوای بە کوشتنی ئەوان هەیە. ئەوان وادەزانن مردن و ئازاردانی ئێزیدییەکان، لەناوباوەڕی کوردی موسڵمانی هاونەتەوەی خۆیدا، بە غەزا دادەندرێ و هیچ

بەزەییەکی لە ڕووی دینییەوە، پیشان نادات. هەر بۆیە لە قوڵایی شەخسیەتی مەعنەوی ئیزیدیدا، ترسێکی قووڵ بەرانبەر بە هاووڵاتیانی، هاونەتەوەی کوردیی خۆیان هەیە. ئەو کوشتارانەی بە درێژایی مێژوو، بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتووە، هەموویان لە دەقە پیرۆزەکانی ئەواندا بە دیقەت دەگێڕدرێنەوە و نەوەی نوێی ئیزیدی پێی پەروەردە دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئەم دینە دینێکی باتینییە، دەقەکانی خۆی ئاشکرا ناکات و نانووسێتەوە. بۆیە تەنیا ئێزیدییە بە تەمەنەکان دەزانن، دەقەکان چ شتێک دەگوازنەوە و چ دڕدۆنگییەک و بێ متمانەییەک لە بەرانبەر کوردی موسڵمان دروست دەکات.

ئەم کوشتارەی دوایی کە بە دەستی داعش، بەسەر ناوچەی شەنگالدا هاتووە، ئەو مێژووە گوماناوییەی کە کۆمەڵگای ئێزیدی، بەرانبەر بە کوردی موسڵمان هەیەتی، نەک هەر نەیسڕیوەتەوە، بە پێچەوانەوە بریندارتری کردووە. ئەو برینەش لەوە دێت کە ئێزیدییەکانی ناوچەی شەنگال، پێیانوایە ئەو پێشمەرگە و دەستەی چەکدار و دام و دەزگا حیزبی و سیاسییەی، لە ناوچەی شەنگال هەبووە، هەموویان لە کوردی موسڵمان بوونە. ئەو ڕوانگەیەیان، لەسەر ئەوە درووست بووە، ئەو دام و دەزگایانە، متمانەیان بە کوردی ئێزیدی نەبووە، لە بەڕێوەبردنی ئیداری و سەربازی ناچەکە، بەشداریان پێ نەکردوون. بۆیە ئێزیدییەکان و دانیشتوانی شەنگال بەتایبەتی، هیچ ئیرادەیەکیان وەرنەگیراوە، لەو هەڕەشانەی کەوا بەسەریاندا هاتووە، پرس و ڕایان وەرنەگیراوە. لەو کاتەی داعش پەلاماری ناوچەکەیان دەدا، پێیانوایە باوەڕی دینی هێزی چەکداری کوردی موسڵمان، وای لێکردوون بە خێرایی ناوچەکە چۆڵ بکەن و لە بەردەمی هەڕەشەی داعش جێیان بێڵن. بۆیە تا ئێستاش کە بیر لە کارەساتی ناوچەی شەنگال، لە بەرانبەر ئەو کارەساتەی بەسەریان هاتووە، بە شێوەیەکی بەرابەر، کورد و عەرەبی داعش، بە بەرپرس دەزانن.

ئێزیدییەکان بۆ ئەم قەناعەتەی خۆیان، بەڵگەیان زۆرە. کردەوە، قسە و هەڵسوکەوتی فەرماندە عەسکەرییەکان، ئەو هێزە چەکدارە پێشمەرگەیەی بە درێژایی ئەو دوانزدە ساڵەی دوایی، لە ناوچەکەبوون، هەمووی لای ئەوان تۆمارکراوە. لە بیریانە و دەزانن، لەسەر چ بنەمایەک، ئاوها بە خێرایی، ناوچەی شەنگال چۆڵ کرا. جیا لەوە، گۆڕانێکی نوێ، بەسەر لایەنی دەروونی، کۆمەڵگەی ئیزیدیدا هاتووە. ئەویش پەیوەندی بە شەڕی داعش، لەدژی ئێزیدییەکانەوە هەیە. ئەگەر لە مێژووی ئێزیدییەکاندا، هیچ فەرمان و کۆکوژیەک، بە دەستی عەرەب نەکرابوو، ئەوە وای لێدەکردن، خۆیان لە کۆمەڵگای عەرەب و خێڵە عەرەبەکان، بۆ خۆشاردنەوە و پاراستنی دینەکەیان نزیک بکەنەوە. ئەو مەیلە یان ئەو لایەنە، لەناویاندا خەریک بوو زاڵ دەبوو، گوایە لە ڕووی نەتەوەیی، خۆیان بە عەرەب بزانن و لە کورد دووربکەونەوە. گرایشی بەعەرەب بوون، لەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت.

ئێستا دوای ئەو کوشتار و وێرانییەی، داعش کردی، خۆپاراستنی ئێزیدییەکان لە دەست عەرەبی موسڵمان، ڕووی لە

زۆری کردووە. ئێزیدیەکان پێیان وایە، دەبێ خۆیان لە عەرەب بەدوور بگرن، لە هەمان کاتدا هیچ متمانەشیان بە کوردی موسڵمان نییە. بۆیە پێویستە، کار لەسەر شەخسیەتی سەربەخۆی، کۆمەڵگەی ئیزیدی بکرێت. لەو بارەدایە، ڕەوتێک درووست بووە دەڵێ: ئێمە میللەتی ئێزیدین، دینی سەربەخۆمان هەیە، داب و نەریتی سەربەخۆمان هەیە. زمانمان لەگەڵ کورد هاوبەشە، بەڵام ئێمە کورد نین. ئەمەیان ئەو لاباڵە لاوازەیە کە لە دوای تەعریب، ئەو پاساوەیان گرتووە و مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە. لە ئەرمینیا سەرباری ئەوەی ئێزیدییەکان، خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام لەوێش بوونەتە دوو بەرە. بەرەیەکیان پێی وایە ئێزیدین و زمانیان کوردییە. بەرەکەی تریان، پێیان وایە ئەوان کوردی ئێزیدین. هەربۆیە حکوومەتی ئەرمینیا، ئەو ڕەوتەی پشتیوانی کرد کە پێیوایە ئێزیدی و کۆمەڵگای ئیزیدی، شەخسیەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە. بۆیە لە ناسنامەی ئێزیدییەکانی ئەرمینیا، نوسراوە ئێزیدی نەک کورد. کەواتە ئەم کێشەیە، لە مێژووی ئێزیدییەکاندا، ڕەگ و ریشەیەکی قووڵی هەیە. ئیستاش ئەو کارەساتەی بەسەریان هاتووە، ڕێگە دەداتە هەموو کەس، لەسەر ئەو مێژووە قسە بکات.

لایەنی دووەم، ئەوانەن کە پێیان وایە، کوردستان خاکی خۆیانە و ئەوان کوردن. ئەوەی بەسەریان هاتووە، سەرباری ئەو مێژووە خویناویەی کە بە دەستی کوردی موسڵمان بووە، تەنیا پەنایان وڵاتی خۆیانە. ئەو بەرە کوردستانییەی ئێزیدییەکان، دەیانەوێ کاربکەن، بۆ ئەوەی یەک سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆخۆیان ڕابکێشتن تا لە نێو کوردستاندا، هەمیشە پشتیوان و چاودێرییان بێت. هەروەها داوا دەکەن فشارێک بۆ سەر کۆمەڵگەی موسڵمانی کورد بێت، بۆ ئەوەی چاکسازی لە بیروباوەڕی خۆیدا، بەرانبەر بە ئێزیدییەکان بکات. ئەم بیروباوەڕە بە یاسا و چاکسازی دینی و کۆمەڵایەتی بێ، بە حەرەکەیەکی چاکسازی ئەوتۆبێ کە ئێزیدییەکان، متمانە پەیدا بکەن کە کوردی موسڵمان، نەمان و ئاوارەبوونی ئەوان، بە غەزا نەزانێ. ئەوەش بە کارێکی قورس دەزانن، پێیان وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەبێ پێش هەموو شتێک، ڕوانگەی خۆی بەرانبەر بە ئێزیدییەکان بگۆڕێ.

ئیزیدییە کوردستانیەکان کە زۆربەیان پێیان وایە، هەموو حیزبەکان و بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شایانی ڕەخنە لێ گرتنن بە رامبەر بە پێکهاتەکەیان. لەنێوان ئەو دوو حیزبەشدا زیاتر لەسەر پارتی دیمەکراتی کوردستان دەوەستن، چونکە ئێزیدییەکان چ وەک ناوچەیەکی کرمانج، چ وەک ناوچەیەکی نزیک لە پارێزگای دهۆک، چ وەک مێژووی نزیک بوونیان لە بارزان ، بەشداری ڕاستەوخۆیان لە بزوتنەوەی ئەیلولدا کردووە، مستەفا بارزانی گرنگیەکی تایبەتی پێداون. بۆیە گلەییەکانیان لەسەر پارتی چڕ دەکەنەوە.

ئێزیدییە سیاسی و ڕۆشنبیر و دینییەکانیان، پێیان وایە پارتی، سەرباری ئەوەی هەمیشە هەوڵی داوە، پشگیری

کوردبوونی ئێزیدییەکان بکات بەڵام هیچ کاری بۆ جموجۆڵ پێکردن و گەش و چالاک راگرتنی کۆمەڵگەی ئێزیدی نەکردووە. بەڵکو هەمیشە هەوڵی داوە، ئەم ناوچەیە وەک خاک بلکێنێ بە کوردستانەوە، وەکو دەنگیش بکەونە سەر دەنگی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکان. هەمیشە پارتی هەوڵی داوە، لێپرسراوانی سیاسی و ئیداری و عەسکەری خۆی، بنێرێ بۆ ناوچەکەیان، ئەو لێپرسراوانە هەموویان موسڵمانن و بە ڕوانگەی دینی، مامەڵەیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێزیدی کردووە. ئێزیدییەکان باشتر لە کۆمەڵگە و سەرکردە سیاسییەکانی موسڵمان دەزانن. ڕاستییەکە لای ئەوانە و دەزانن لێپرسراوانی پارتی و یەکێتی، چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ ئێزیدییەکان کردووە. ئەوان دەزانن کاتێک سەرکردە سیاسییە حیزبییەکان، وەک بەرپرسانی لق و مەڵبەند، کاتێک هاتوون بۆ ناوچەکەیان، تەنیا لەکاتی میتینگ و وتارداندا، باسی بەرابەری کۆمەڵگەی ئێزیدیان کردووە. کەچی لە کردەوەدا، ئامادە نەبوونە لە ماڵی ئێزیدیەک نان بخۆن. ئامادە نەبوونە لەگەڵ ئێزیدییەکان سەفەر و سەیرانێک بکەن. ئامادە نەبوون بە چاوێکی قووڵ و پیرۆز و ڕێزەوە تەماشای دام و دەزگای دینی ئێزیدییەکان بکەن. هەمیشە خواردنی دەستی ئێزیدییەکانیان بە پیس و گڵاو زانیوە. ئێزیدییەکانیان لەناو ماڵ و کاری خزمەتگوزاریدا بەکارهێناوە. ئەو سەرمایەی کە بۆ ناوچەی ئێزیدییەکان تەرخان کرابێت، چ لە حکوومەت و چ لە حیزبدا، لێپرسراوانی عەسکەری و ئیداری موسڵمانی کوردی ئەم ناوچەیە، خۆیان ئەم سەرمایەیان بەکار هێناوە، بەشێکی زۆر کەمیان لە ناوچەکە سەرف کردووە. ئەوەی دیکەشیان لە نێوان خۆیاندا، بە شێوەیەکی گەندەڵی خواردووە. لە هەمان کاتدا هەڵسوکەوتی سیاسیی و عەسکەرییەکانی کوردی موسڵمان، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییەکی دۆستانە و دڵسۆزانەی لەگەڵیان دروست نەکردووە. هەمیشە کاربەدەستی کوردی موسڵمان، بە چاوێکی کەم و بە دینێکی نزیک لە گڵاو، تەماشای ئێزیدییەکانی کردووە. ئێزیدییەکان دەزانن، ئەو کردەوانە چ کاردانەوەیەکی دەروونی، بەسەرتاکی ئێزیدییەوە هەبووە.

هەر ئەوباڵە کوردستانییە، بەڵگەی زۆری بەدەستەوەیە، کاتێک لێپرسراوانی سیاسی، لە ناوچەکە هەوڵیانداوە، کەسانی ئێزیدی لەگەڵ خۆیان، بخەنە ناو سیستەمی ئیداری و سیاسی، هەمیشە گەڕاون بۆ کەسانی دەستەمۆ کە ئامادەن ببنە دەرگاو و ئاسانکار، بۆ هەڵسوکەوتی ئاماژە پێکراوی، ئەو لێپرسراوانە لە ناوچەکەدا. ئەو دام و دەزگا سیاسییانە هەوڵیانداوە، بەردەوام ئەو جۆرە کەسایەتیانەیان پاڵ پێوەناوە و بەرژەوەندیان لە ناوچەکە لێ خستونەتە خەتەر، ئەوەش وایکردووە وردە وردە کەسایەتی بەهێز لەناو کۆمەڵگەی ئێزیدیدا دروست نەبێت. مەبەست لە شەخسیەتی سەربەخۆی ئێزیدی، ئەو تیپەیە کە پارێزگاری لە ناوچەکە، لە سەربەخۆیی کۆمەڵگەی ئێزیدی، بە مانای خاوەن تایبەتمەندیی و دینی خۆیەتی، دەبێ بە سیستەمێکی ئیداری و سیاسیی، ڕوانگەیەکی دیاریکراو ببوژێتەوە. سەرباری ئەوەی ئەوان پارتین یان یەکێتین.

له نەبوونی کەسایەتی کاریگەردا، ئێزیدییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە کەمتەرخەم دەزانن. گلەیی ئێزیدییەکان لە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حزبێکە کە چاوەڕوانییەکی زۆریان لێی هەیە. ئەوان بە چاوی ڕێزەوە تەماشای مەسعوود بارزانی و مستەفا بارزانی و مێژووی بارزان دەکەن، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێزیدییەکان. بۆیە پێیان وایە، پارتی دەبێ هەڵگری ئەو پەیامە چاکسازییە بێت، کە متمانە و ئاسایش و ئەمان بۆ ئێزیدییەکان دروست بکات. لە هەمانکاتدا میکانیزمێک بسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگە و سیستەمی ئیداریدا تا ئێزیدییەکان لە بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیان و کۆمەڵگاکەیاندا، بە شێوەیەکی بەرابەر بەشدار بکات.

کاتێک دەچینە ناو ئێش و ئازاری ئێزیدییەکان، بەشەکەی تری کوردی موسڵمان، بە هۆکار دەزانن. لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی ناوچەی شەنگالدا، تەنیا ئێزیدییەکان، خانو و موڵک وماڵی خۆیان بەناوی خۆیان نییە. وەک (بدون)ەکانی خەلیج و ئەو کوردانەی لە سوریا بەبێ ناسنامەبوون. ئێزیدییەکانیش لە رووی موڵکداریەتییەوە لەم جۆرانەن. ئەم بێبەش کردنە، بە هەڵویستی دین لە بەرانبەر دین لێکدەدەنەوە و بە زوڵمێکی زۆر لەسەر خۆیانی دادەنێن. پێیان وایە هەر ئەو روانگایە وایکردووە، ئێزیدییەکان لە جموجۆڵی بازرگانیدا، نەتوانن شوێنی تایبەتی خۆیان بگرن. بۆیە لە کوردستاندا دەست وبەشداری سەرمایەدارانی ئێزیدی، کاربەدەست و بەڕێوەبەرەکانیان، زۆر لاواز و کەمە. هەڵبەت ئەو کۆمەڵگایانەی (مجمع) کە تەنیا ئێزیدییەکان خاوەنی موڵک و ماڵی خۆیان نین، ئێستا برینێکی گەورەی، لەناویاندا ژیاوەتەوە کە لە زەمانی بەعسیشدا پەیڕەو کراوە. لەو سەردەمدا، ناوچەی شەنگال و ئێزیدییەکان مەیلی خۆ بە عەرەبزانین، لەگەڵ سیاسەتی تەعریبی حکوومەتی عێراق، تێکەڵ ببوو بەڵام سەرباری ئەوەش هەستیان بە فەرق و جیاوازی عەرەبی موسڵمان، واتە بەعسیەکان دەکرد، بەرانبەر بە ئێزیدی بەعسی. بۆ نموونە، کاتێک کە موڵک و ماڵ پێشکەشی بەعسیەکانی ناوچەکە کراوە، لەناویاندا ئێزیدی هەبوونە، تەنیا ئێزیدییەکە موڵک و ماڵەکەی پێ نەدراوە. لە تەنیشت ئەو، کوردی موسڵمانی بەعسی و عەرەبی بەعسی، ئەو پاداشتانەیان وەرگرتووە. ئەوە وایکردووە لە مێژووی، ئێزیدییەکاندا، برینێکی قووڵی بێ متمانەیی، هەست کردن بە بێبەشیی هەبێت. لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، قەرەبوویەکی شایانی باسییان بۆ نەکراوەتەوە.

ئێستا خەڵکی ئاوارەی ئێزیدی، ئێزیدییەکانی ناوچەی شەنگال و ناوچەی شێخان، بە چاوی ڕێزەوە تەماشای هەڵوێستی ئەم دواییەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەکەن. بەتایبەتی لە زاخۆ و لە دهۆک، لە پێشوازی کردنیان رازین. هەڵبەت ئەوەش لە بێ متمانەییانی کەم نەکردوونەتەوە. بۆ نمونە: یەکێک لە هۆکارەکانی، بە خێرایی رۆیشتنی ئێزیدییەکان بەرەو یەکەکە و متمانە کردن بەو حزبە، بۆ هەڵوێستی ئەو حزبە لە دین دەگەڕێتەوە. ئێزیدییەکان، لەناو خۆیاندا خەیاڵی بۆ هەڵدەبەستن کە لەوانەیە، یەکەکە لە داهاتودا خزمەتیان بکات. چونکە

پەکەکە حزبێکی چەپی عەلمانی دژ بە دینە، هیچ بایەخێک بە دین نادات، ئەوەش لەناو ئێزیدییەکان بووە بە مایەی پەسەندکردنێکی فراوان. پێیان وایە حیزبێکی غەیرە دینی، دەستێوەردان لە کاروباری دینی ئەوان ناکات و سەرنجام ئازاریان نادات. ئەو شەعبیەتەی پەکەکە لەناو ئێزیدییەکان هەیەتی، تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، گەر نا لە هەڵسوکەوتەکانی دیکەی حیزبەکە رازی نینە.

یەکێکی تر لە روانگەی ئێستای ئێزیدییەکان، لە کوردستاندا دەڵێن، متمانە تەنیا بە قسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی دروست نابێ. بۆ نموونە تا ئێستا دەزگای دینی، لەناو بەشی موسڵمانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە ڕەسمی ئیدانەی کوشتوبڕی ئێزیدییەکان بە دەستی داعش نەکردووە. هیچ بڕیارێکی سەرتاسەری ئەوتۆ نییە، کۆمەڵگەی کوردستانی پێ ئامادەکرابێ تا کوشتنی ئێزیدی حەرام بکرێ. هەڵسوکەوتی داعش بە هەڵسوکەوتی غەیرە ئیسلامی دابندرێ. ئەوان دەڵێن گوتاری سیاسی، جێگەی پەروەردەی دینی و کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە. نموونە زۆرە، کاتێک داعش پەلاماری ناوچەی ئێزیدییانی داوە، فەرماندەکان و چەکدارەکانی پێشمەرگ، لەو ناوچەیەدا بە تەلەفۆن و پەیوەندی لەگەڵ کەس و کاری خۆیاندا بوونە، داوایان لە پیاوانی دینی کردووە، ئایا بمێننەوە و بەرگری بکەن یان نا؟ ئایا ئەگەر بکوژرێن ئیمانیان دەمێنێ یان نا؟ ئەوان دەڵێن پیاوانی دینی و کەس و کاری پێشمەرگەکانی کوردی موسوڵمان، لە ناوچەی شەنگال فەرمانیان پیکردن کە ناوچەکە چۆڵ بکەن. ئەو فەرمانەش تابعێکی دینی هەبووە.

کۆمەڵگەی ئێزیدیی داخراوە.ئەو کۆمەڵگا دینییە خۆجێییە میر و ئەنجومەنی رۆحانی. هەموو ئێزیدییەکان، هەست بە لاوازی هەڵویستی میری ئیزیدییان دەکەن. پێیان وایە سەرکردە و میرێکی دینی ئەوتۆ نییە کە بتوانێ کۆمەڵگەی ئێزیدی بپارێزی. هەروەها ئەنجوومەنی رۆحانیش، مەجلیسێکی پیری نەخوێندەواری پەککەوتەنە، بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن.ئەو ئەنجوومەنە، زیاد لە پێویست ڕەق و چەق بەستون و ئامادەیی هیچ گۆڕانکاریەکیان تێدا نییە. ئەوە بووەتە هۆی قوڵتربوونەوەی کارەساتەکانیان. کۆمەڵگای داخراوی ئێزیدی، ئامادەیی کەمی تێدایە بۆ وەرگرتنەوەی قوربانییەکان. ڕێگا لەپێش رێوشوێنی مەدەنیانە بۆ تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگایان، ئاڵۆز دەکات. هەڵبەت فتوایەک لە لایەن بابە شێخەوە هەیە کە پێشوازی لە ژنە ڕفێندراوەکانی ئێزیدی بکرێت و وەریان بگرنەوە. ڕۆشنبیرەکانی ناو خودی کۆمەڵگای ئێزیدی، پێیان وایە فتوایەکە زۆر لاوازە و لە پلەکانی خوارەوە ئیشی بۆ ناکرێ. بۆیە قبوڵکردنەوەی ئەو ئافرەتانەی لە لای داعش دێنەوە، کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێزیدییە.

تا ئێستا زیاتر لە 300 ژنی رفێندراو گەڕاونەتەو، ئەوانە بە ڕواڵەت قەبوڵ کراونەوە. هەڵبەت قەبوڵکران بە مانای نەکوژران و لەناو کەس و کاری خۆیانن. پرسیارە لەوەدایە: چۆن بڕیاری دینی- کۆمەڵایەتی لەسەر چارەنوسیان دەدرێ؟ ئەوانە وەک قوربانی قەبوڵ دەکرێن یان بە پیس و گڵاو تەماشا دەکرێن؟ ئایا سەرەنجام بە درێیەو، لەناو

کۆمەڵگەی ئێزیدی دەریان ناکەن و دەرفەتی ژیانیان لێ ناگرن؟ هەڵویستی ئەنجوومەنی رۆحانی، بەرانبەر ئەو منداڵانەی رفێندراون چی دەبێ؟ هەڵبەت بەرانبەر بەو پیاوانەی کە رفێندراون و دێنەوە، کۆمەڵگەی ئێزیدی هەڵوێستێکی باشی هەیە، پیاوان بە ئاسانی وەردەگرنەوە.

ئەو ژنانەی رفێندراون و دووگیانن، چارەنوسیان چی دەبێ؟ بڕیاری حکوومەت هەیە بۆ لەبار چواندنیان. ئەی ئەوانەی بە لەبارچواندن رانەگەیشتن و منداڵیان بوو؟ کۆمەڵگەی ئێزیدی چ بڕیارێک دەدات بۆئەوەی ئەوانە وەربگرێنەوە؟ ئایا ئەوانە جێگایان دەبێتەوە؟، دینی ئێزیدی، لەگەڵ ئەم رووداوانە مامەڵەیەکی واقیعیانە دەکات؟ لەم روانگایەوە، و نوخبەی سیاسی و رۆشنبیریی ئێزیدی، پێیانوایە دەبێ کۆمەڵگەی ئێزیدیش ئامۆژگاری بکرێ، بخرێتە ناو گفتوگۆ و فشارێکی ناوخۆیی تا بەهانای قوربانیەکانەوە بچێت.

ئێزیدییەکان داوا دەکەن، لەناو هەرێمی کوردستاندا بزووتنەوەیەکی دۆستایەتی کردن و لەباوەشگرتنی ئێزیدییەکان دروست ببێ، فتوای دینی و بڕیاری سیاسی و بە کردەوەی لەپشت بێت. چاویان لە سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانییە تا ئەم مەسەلەیە بە قووڵی وەربگرێت.

ئایا ئەو ئاوارانەی ناوچەی شەنگالیان بەجێ هێشتووە، ئەوانەی لەناو هەرێمی کوردستان یان لە رۆژئاوا ئاوارەبوونە، هەروەها ئەوانەی رۆیشتوون بۆ ئەورووپا، نیازی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان هەیە ؟ بە پێی ئەو بۆچوونانەی لە ناو کۆمەڵگەی ئێزیدیدا دەست دەکەون، پێیانوایە زۆربەی ئاوارەکان، بیر لە نەگەڕانەوە و کۆچی یەکجاری دەکەن. ئەوان پێیان وایە لە هەندەران، دەتوانن خۆیان و دینەکەیان بپارێزن، چونکە لەناو نیشتماندا، هیچ زەمان و ئەمانێک بۆ پاراستنی نییە. ئەوانەی لە کەمپەکانی دهۆک، زاخۆ گیرساونەوە، نیگەرانن و دابەشبوونە لەنێوان رۆیشتن بۆ هەندەران یان متمانە کردن بەو چاکسازیەی، ئەوان داوای دەکەن لەناو هەرێمی کوردستان. ئێستا کۆمەڵگەی ئێزیدی لەو نەهامەتیەدا دەژیەت. میری ئێزیدیان و بەشێک لە ئەنجوومەنی رۆحانی، کوردستانیان بەجێ هێشتووە، لە ئەورووپا دەژین. ئەوە بۆ کۆچ کردن، هانی ئێزیدییەکان دەدات. وەک بڵێی کۆبڕیارێکی ڕانەگەیەندراوی شاراوە هەیە ئێزیدی دەبێ کوردستان بەجی بهێڵێ. ئەوە یەکێک لەو هەڕەشانەیە، لەسەر مانەوە و نەمانەوەی، کۆمەڵگەی ئێزیدی لەناو هەرێمی کوردستاندا هەیەی.

یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئێزیدی، پێیوایە، جیا لە دین، بە خێرایی چاکسازی سیاسی و کارگێڕیی بکرێت. ئەمەش دوای لیکۆڵینەوەیەکی قووڵ و تێگەیشتن لە رووداوەکان بێت، بۆ ئەوەی بڕوا بە کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزیدی لە خۆبەڕێوەبردن و بەشداری کردن لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا بێنن. هەروەها دەرگایەکی تەواوی بەرابەریان

بۆ بكرێتەوە تا بەشداربن، لە جموجۆڵی ئابووری، ئازاد بن لە ئەنجامدانی رێوڕەسمی دینی خۆیان، بەبێ هەستكردن بە هیچ كێشەیەكی ڕاستەوخۆ یان هیچ نیازێكی بەلاوەنان و بێبەشكردن هەبێ، لە كاری سیاسی و ئیداریدا. ئەوان پێیان وایە، هێزی پیشمەرگە لە ناوچەكەدا، بەتایبەتی لە ناوچەی شەنگال، لە ئیزیدییەكان دروست بكرێ. سەرباری ئەوەی دەكرێ هێزی پێشمەرگە دیكەی غەیری ئیزیدیش لەو ناوچەیە هەبێ، بەڵام ئەوە ئیزیدییەكانن دەبێ فەرماندەیی ناوچەكەیان بەدەستەوە بێت. لە رووی بەڕیوەبردنی ئیداریشەوە، پێیان وایە دەبێ بەڕیوەبەرە ئیداریەكانیان، لەناو خۆیان و لە كەسانی شیاو هەڵببژێردرێ.

بەشیک لە ئێزیدییەكان،لەو باوەڕەدان، لێپرسراوانی لق و ناوچەكان، لە دڵەوە بڕوایان بە بەشداری پێكردنی هێزی چەكداری ئیزیدییەكان نییە. ئەوەش وا دەكات ئەوان بە ئاسانی متمانەیان بۆ دروست نەبێتەوە و بەسەر ئەم مێژووە دوور و درێژ و خوێناویەی، ئەوان بە مێژووی فەرمان كردنی، یەک لە دوای یەكی خۆیانی ناودەبەن، هەڵویستە بكەن و ترسیان زیاتر بێت. بە كورتی ؛ ئێزیدییەكان گەر بیانەوی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەكەی خۆیان، وەک خۆیان دەڵێن، دوو هۆكار هەیە كە پەلكێشیان دەكات، ئەوانیش بریتین لە:

یەكێكیان هۆكاری نیشتمان و خاكە. دووەمیان هۆكاری چەكە. پێیان وایە، خاكەكەیان پیرۆزە و سەرزەمینی خۆیانە. بە درێژایی مێژوو تێیدابوونە بەڵام ئێستا هیچ ئەمانێكی تێدا نهماوە و كەسیش نییە بیانپارێزێ. بۆیە هۆكاری خاک كەمتر رایاندەگرێ. خەریكە لەناخەوە دەلەقن تا خاک بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی دینەكە بپارێزن.

هۆكاری دووەم چەكە. ئەوان پێیان وایە، بە چەک دەتوانن خۆیان بپارێزن. تەجرەبەی دوور و درێژی بەرگری لەخۆكردنیان لە چیای شەنگال و پیرۆزی چیای شەنگال، بۆ هۆكاری چەک دەگەڕێتەوە. ئەوان پێیانوایە بە كەمترین چەک و هاوكاری نێوان خۆیان، خۆیان لە چیای شەنگال پاراستوە. ئەگەر چەكدار بكرێن و متمانەیان پێ بدرێ، خاک و چەک بە دەستی خودی ئێزیدییەكان بێت، دەبێتە هۆكارێكی كاریگەر، بۆ ئەوەی ئاوارەكانی ناوخۆی هەرێم بگەڕێنەوە و كاریش لەسەر ئاوارەكانی دەرەوە بكرێ، لە داهاتوودا بگەڕینەوە ناوچەكانی خۆیان.

دەبێ ئێزیدییەكان كاریان پێ بدرێ و متمانەیان پێ بكرێ. ئەوەش پێویستە لە پلانی بە كردەوەی، ئیداری و سیاسی و عەسكەری و دینی كوردستاندا، رەنگ بداتەوە، تا ئیزیدییەكان وەک خۆیان دەڵێن بڕوا بكەن؛ كوردی موسڵمان بەرانبەر یان "نییەت سافن". ئەمە قسەی ئەوانە.

**تەوەری دووەم:**

## بەهاناوەچونی مرۆیی و پزیشکی، سەرلەنوێ وەرگرتنەوە و راهێنانی قوربانیەکانە بۆ ناو کۆمەڵگە و پاشان بۆ سەرکار.

ئەم بوارە زیاتر بوارێکی پسپۆرییە، دەگەڕێتەوە بۆ بەشی تەندروستی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوە، دەبێ حکوومەت، میکانیزمی تایبەتی ئیدار بۆ دروست بکات و کەڵک لە پسپۆرانی ناوخۆیی و دەرەوە وەربگرێت. هەروەها تەجرەبەی ئەو وڵاتانەش دیراسە بکات کە کارەساتی هاوشێوەی شەنگال، بەسەر خەڵکەکەیاندا هاتوو. هەڵبەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کۆکوژییەی بەسەر ناوچەکانی ئەنفالکراودا هات، لەبەر بێ تەجرەبەیی و دەست کورتی حکوومەتی هەریمی کوردستان، کەمتر کاری بەهاناوەچوون و سەردان و راهێنانیان بۆ ئەنجامدرا.

سەرەتا دەبێ دامودەزگای تەندروستی، تەندروستی کۆمەڵایەتی، بایەخ بە تەندروستی گشتی خەڵکەکە بدەن. بەهۆی ئاوارەیی و وێرانکاری ناوچەکەیان، کوشت و کوشتار و رفاندن، تەندروستی دەروونی خەڵک، بە شێوەیەکی قووڵ دەکەوێتە بەر هەڕەشە. نەخۆشی بە شێوەی جیا جیا روو لەناوچەکە دەکات. خەڵکی شەنگال، بەفراوانی کەوتنە بەر کارەساتی کوشتن، وێرانکردن، بێڕێزی پێکردن و وێرانکردنی شوینە پیرۆزەکانیان. ئەو پێشێلکارییانە، لە لای کۆمەڵگەی ئێزیدی زۆر کاریگەرە. ژنان و منداڵان بەتایبەتی کەوتنە بەر پەلامارەکە. ئەمەش وایکردووە کە ئێستا کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزیدی، لە ناوچەی شەنگال، وەک کۆمەڵگایەکی غەدر لێکراو، شێوێندراو، بریندار و نەخۆش دابندرێ.

- **باری دەروونی:**

هەر مرۆڤێک، کاتێک شوێنی ژیانی دەگۆڕدرێ، هەموو ئاوات و مێژووی لێ سەرنگون دەکرێ. شەخسیەتی دەروونی ئەو کەسە دەکەوێتە بەر پەلاماردان، ئەوانەی قوربانین، ئەوانەشی دەمێننەوە لە بارێکی دەروونی شێواودا دەژین. لەوەوەیە کە فشاری دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، جۆرەکانی دیکەی فشار، لەسەر تاکی ئەو کۆمەڵگایە دروست دەبێت. ئەمەش دەرهاویشتەی دیکەی، بۆ سەر یەک بە یەکی خێزان و کەسەکان دەبێت. ئەوەش

پێویستە، لە لێکۆڵینەوەی تایبەتیدا دەستنیشان بکرێت. هەڵبەت کۆچ کردن، ئاوارەبوون، کۆچ پێکران کاریگەری خۆی بەسەر دانیشتواندا هەیە. گوشاری دەروونی لەهەر وڵاتێکدا، بە شێوەی تایبەتی خۆی رەنگ دەداتەوە. پێویستە پشت بە دراسەی مەیدانی ببەسترێ تا شێوەکانی دەستنیشان بکرێن. نەخۆشی خەمۆکی بە شێوەیەکی فراوان باڵ بەسەر کەسەکان و خێزانەکاندا دەکێشێ. هەروەها گرفتی گەنجان بۆ نەگونجان، ترازان و لەدەست چوونی هەموو ئاواتەکانیان، دەست پێدەکات. کاتێک کۆمەڵگەی خۆجێیی دەگوازرێنەو بۆ کەمپەکان، لەوێ شار و گوندی لێکدی جیاواز، لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، تووشی جیاوازیی و بەریەککەوتنی کولتووری و فەرهەنگی دەبنەوە. ئەو حاڵەتەش وا دەکات، روانگەی فەرهەنگی جیاواز، بۆ ژیان، دین، ژیانی تاک و خێزانی لە نێو دانیشتوانی کەمپەکاندا سەرهەڵبدات. سەرەنجام ئەو جیاوازییە، دەبێتە کێشە لەناو کەمپەکاندا. کێشەش فشاری سەر کەسەکان زیاتر دەکات. کەسانی ژێر فشار، بە شێوەی سەرەکی، تووشی خەمۆکی دەبن، خەو زڕان و کابوس دەبێتە بەشێک لە شەوانیان. هەر بۆیە، بە رۆژ کاتێک دێنە ناو ژیانی کەمپەکان، دەبێ حیساب بۆ ئەوە بکرێ، ئەو کەسان، لە باریکی مەعنەوی و ناتەندروستی لێکترازاو و پڕ لە کیشەدا دەژیەن.

ئاوارەیی، بێ ئومێدیی خەڵکەک، بەرانبەر بە چارەنووسیان زیاتر دەبێت. بێ ئومێدی وا دەکات، هیچ کەس نەزانێ، چ بەرنامەیەکی دەبێت، پلانەکانی لێ تێکدەچن. کەس دەستی لەو گۆڕانکارییە ترسناکەی، بەسەر خۆی و ناوچەکەدا هاتووە نەبووە، بۆیە ئێستا کەسێکی دابڕاوە، کەسێکە جیاکراوەتەوە لە هەموو مێژوو و روانگاو بەرژەوەندییەکان و ئەو وابەستەییە دەروونیەی کە هەیبووە. کەسێکە هەموو پیرۆزییەکانی پێشێل کراوە، کەسە نزیکەکانی بردراون و ئەنفال کراون یان لەبەرچاوی کوژراون. بۆیە نیگەرانیەکی تازە دروست دەبێت، پێی دەگوترێ "نیگەرانی ئایندە". نیگەرانە؛ ئایا دەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و ئەو مێژووەی بۆ دروست دەبێتەوە؟ دەرفەتی ژیانی بۆ دەبێ؟ دەتوانێ قوربانیەکان و خۆشەویستەکانی خۆی لەبیر بکات؟ کەس هاوکاری دەکات، بۆئەوەی ئەم ئاواتانەی هەیبووە، سەرلەنوێ بۆ دروست ببنەوە؟ حکوومەتێک یان هێزێک هەیە، هاوکاری بکات و بیپارێزێ، ناوچەکەی بۆ ئاوەدان بکاتەوە و بایەخ بە تەندروستی بدات و پاشان دەستی بگرێ، رای بێنی تا سەر لەنوێ بژیەتەوە؟

مرۆڤی ئاوارە و فشار لەسەر، هیچ دەسەڵاتێکی نییە، بۆیە دەبێ پێیڕابگەن. جیا لە پێویستیان بۆ جێی حەوانەوە و خۆراک هەیە، پیویستیان بە ئاسایش و دڵدانەوەش هەیە. جا کاتێک کە باسی گەڕانەوەیان دەکرێ، ئەو شتانەیان هەموو پێویستە.

**- ئەوەی کە دەبێ بکرێ:**

بۆ ئێزیدییەکان، بە تایبەتی ئاسایش زۆر جێی بایەخە. وەک ئاماژەمان پێکرد، لە مێژووی ئەواندا، مەسەلەی ئاسایش شتێکی جدییە. هەستێکیان هەیە، پییاندەڵێ؛ دینی ئێزیدیی بۆ ئەوان، بریتییە لە هەڕەشە بۆسەر ژیانیان. لە ناوچەی شەنگال و ناوچەی ئێزیدیاتی بە گشتی، دەبێ دامەزراوەی تایبەتی هەبن، لە ناو کەمپەکان، گرنگی بە منداڵان بدەن. لە کاتی گەڕانەوەشیاندا، بۆ ئاوڕدانەوە و چارەسەرکردنی دەروونییان، ڕێکاری تایبەتی خۆیان هەبێت. چ تەجرەبەی جیهانی، چ لێکۆڵینەوەی ناوخۆیی، چ ئامادەگی خودی کولتوور و ناوچەک، ڕێگا نیشان دەدات، چۆن دەکرێ، منداڵان سەرقاڵ بکرێن بە کاری هونەری، میوزیک، خوێندن، وەرزش، شێوازەکانی دیکەی لەم سەردەمەدا زۆرن. لەوەدا دەکرێ ئێمە سودێکی باش لە تەجرەبەی کۆسۆڤۆ ببینین. کۆسۆڤۆ بەشێکە لە ئەورووپا، کۆمەڵگەی موسڵمانی کۆسۆڤۆ، ئامادەیی بەهاناوەچوون و چاکسازی، لە ناوچەکانی دیکەی کۆمەڵگەی، موسڵمانی شەرقی زیاتر بوو. لە کۆسۆڤۆ هەموو ڕێکارەکانی بەهاناوەچوونی قوربانیەکانیان قەبووڵ کرد. هەروەها بە ئاسانی کۆمەڵگەی دینی و سیاسی خۆیان لەگەڵدا گونجاند. پیاوانی ئایینی موسڵمان لە کۆسۆڤۆ، بە خێرایی پێشوازیان لە ئافرەتە قوربانییەکان کرد، وەک ئافرەتانی ئێزیدی رفێندرابوون و دەستدرێژیان کرابووە سەر. ئەوان بڕیاریکی دینیان دەرکرد؛ دەبێ کۆمەڵگەی خۆجێیی و خێزانەکان، وەک قارەمان پێشوازی لە ئافرەت و منداڵە قوربانیەکان بکەن. هەر کارەساتێکی بەسەریان هاتووە، دەبێ بە بەشێک لەو قارەمانییە دابندرێت. دەبێ خێزان و کۆمەڵگا، بە گشتی باوەشیان بۆ بکەنەوە و جارێکی تر بیانخەنەوە سەرکار و هاوکاریان بکەن. ئەوانە وەک قارەمان، ئەو ئازارەی کە چەشتوویانە ئازاری هەمووانە کە کەوتووەتە ناو ژیانی تاکی ئەوان، هەروەها هەموو ڕێکارەکانی چارەسەری دەروونیان قەبووڵ کرد.

لە ڕووی بەهاناوەچوونی دەروونی و تەندروستی، ئەو بێ متمانەییەی، کۆمەڵگەی ئێزیدی بەرانبەر بە کۆمەڵگەی موسڵمانی کورد و غەیرە کورد هەیەتی، گرفتێکی گەورەیە. دەبێ دراسەیەکی زۆر جدی و مەیدانی بکرێ، بۆ ئەوەی هەر ڕێگایەک یان هەرسیستەمێک یا میکانیزمێک، بۆ بەهاناوەچوون دەستنیشان دەکرێ، خۆی نەبێتە فشارێکی نوێ لەسەر کەس و خێزان و کۆمەڵگەی ئێزیدی. دەبێ هەوڵ بدرێ بە قووڵی و بە قورسی متمانە بۆ کۆمەڵگەی ئازار دیتووی شەنگال بگەڕێتەوە.

**- متمانەی قووڵ یان قورس مانای چییە؟**

مانای قووڵ و قورس ئەوەیە، هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بوونەتە هەرەشە بۆسەر ئازاردانی ئەوان لەناوببرێن. لە هەمانکاتدا هێزێکی گەورەی ماددی و سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، پشتیوانیان بێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزیدییان، ژیان بەوپەڕی ئازادی دەست پێبکەنەوە. ئەم پێشنیارانە دەبێ بە جدی لەبەرچاو بگیرێن. ئەگینا کۆمەڵگەی خۆجییی ئێزیدی، ئەو رەشکردنەوە و لەناوبردنەی لەبەرچاو لاناچێ کە بە درێژایی مێژوو بیستوویەتی و لە دەقی پیرۆزی دینیدا گوێی بۆ گرتووە، لە ژیانی ئێستای خۆیدا بینیویەتی. پێویستە کار بکرێت تا کۆمەڵگەی ئیزیدی حەست بکات لەگەڵ هاووڵاتی موسڵمانی دیکەی کورد، بەرابەرە و ئەو بەرابەریەش بنەمای خۆی هەیە. ئەو هەستە هەروا بە ئاسانی و بە قسە دروست ناکرێ.

دەبێ ئەو ترسەی لەلای ئێزیدییان هەیە، بڕەوێندرێتەوە کە لە ئیسلام وەکو دین و لە موسڵمان وەکو تاکەکانی کۆمەڵگا هەیەتی. ئەوان پێیان وایە، دینی ئیسلام بڕیار لەسەر نەهێشتنی دینی ئیزیدی دەدات، تاکی موسڵمانی کورد یان عەرەب، کوشتن و لەناوبردنی پەیڕەوانی دینی ئێزیدی، بە غەزا دەزانێ، ئەوان پییان وایە دەبی ئەو قەناعەتە لەناو کۆمەڵگەی کوردستانی دەستکاری بکرێ، هاووڵاتی کوردی موسڵمان وا نەزانێ لەناوبردنی کوردی ئێزیدی بۆ ئەو بەهەشت دابین دەکات، ئەمەش کارێکە بە ئاسانی لە جیهانی مەعنەوی ئیزیدیدا گۆڕانی بەسەردا نایەت.

بەشێکی تری بەهاناوەچوونی دەروونی و سەرلەنوێ راهێنانەوەی کۆمەڵگەی ئیزیدی، کارکردنە لەسەر نەفسیەتی کەمینەیی کۆمەڵگەی ئیزیدی. بەردەوام هەموو کەمینەکان، ئەو بارە دەروونییەیان بۆ دروست دەبێت. واتە هەست دەکەن ئەوان کەمینەیەکی بچووکن. باوەڕی خۆیان و ژیانیان، لە زۆرینەی کۆمەڵگاکە جیاوازە، کۆمەڵگە قەبوڵیان ناکات، بەرژەوەندییەکانیان لەناو کۆمەڵگادا لەبەرچاو ناگیرێ. بەڵکو بەرژەوەندی خودی کۆمەڵگەی باڵادەست، بەردەوام لەسەر ئەوان، سیاسەتی پاڵپێوەنان و کەمکردنەوەی بەرژەوەندی ئەوان دروست دەبێ. هەربۆیە کۆمەڵگەی خۆجییی، زۆر بە فراوانی هەست بە پەراوێزخستن و زوڵمی بەردەوام، بە پلە دوو و سێ لە هاووڵاتی بوون دەکەن. ئەم هەستە لەناو ئێزیدییاندا هەیە. دەبێ لەگەڵ کاری راهێنانی دەروونی، لەسەر ئەم بوارەش، کاریان لەگەڵ بکرێت.

**تەوەری سییەم:**

## ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی ناوچەی شەنگال بە تایبەتی، ئێزیدیاتی بە گشتی.

لەم دواییەدا، باسی بە پارێزگا کردن، بە کانتۆن کردن، بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ کردنی ناوچەی شەنگال، کەوتە سەر زاری ناوەندە سیاسی و میدیاییەکانی کوردستان. باس و خواسێکی زۆری لەسەر دروست بوو. بە بی دیراسە کردن و وردبوونەوە، ناوەند سیاسییەکان فێربوون بۆ دەسکەوتیی سیاسی یان بۆ بەهاناوەچوونی ناوچەیەک، زۆر بە ئاسانی بەڵینی گۆڕانکاری ئیداری، لە ناوچەکە دەدەن. لە 20 ساڵی رابردوودا، زۆر بەڵێن بە قەزاکان دراوە، گوایە دەیانکەن بە پارێزگا. سیاسییەکان پێیان وایە ئەو ئیمتیازەی بۆ پارێزگایەک دەچێت، زۆر بە ئاسانی بە بڕیاری سیاسی، دەکرێ بۆ قەزاکانیش دابین بکرێت.

کوردستان بە درێژایی مێژوو وڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە. کاتێک وڵات سەبەخۆ نەبوو، دەڵەتێکی نابێ، تاکو پلانی دابەشکردنی کارگێڕی بۆ دابڕێژێت. دابەشکردنی کارگێڕی لە دەوڵەتاندا، پلانێکە پەیوەندی بە بەڕێوەبردن و باش بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیە. وەک زانستێک تەماشا دەکرێ، خاوەنی تەجرەبە و چەمکی دیاریکراوی خۆیەتی. ئەو هۆکارانەی لە وڵاتێکی دیاریکراودا دەبنە دەسکەلا بۆ دابەشکردنی کارگێڕی دەکرێن، روانگا و پلانی دابەشکردنی ئیداری وڵاتێکی دیاریکراو دروست دەکات.

پلانی دابەشکردنی ئیداری، بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی نیشتمانەکەی لەبەرچاوە. دوایی بەرژەوەندی پێشکەوتنی ناوچەکە، لەبەرچاو دەگیرێت. هیچ ناوچەیەک ناتوانێت پێشبکەوێت، ئەگەر وڵاتەکە لەسەر سیستەمێکی کراوەی پیشکەوتوو بەڕێوە نەچێت. هیچ ناوچەیەک ناتوانێ پێشبکەوێ، ئەگەر پێشکەوتنەکەی لەسەر ئازاردان و ئاستەنگ و زەرەری وڵاتەکە بێت. هیچ ناوچەیەک ناتوانێ، سیستەمی ئیداری خۆی بگۆڕی، ئەگەر وڵاتەکە پێی تەحەمول نەکرێ، یان پێی دابین نەکرێت. بۆیە پێویستە سەرکردە سیاسییەکان لە ناو هەرێمی کوردستاندا، هەروەها پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرەکان، خۆیان بە دیراسەکردنی واقیعیانەی کوردستانەوە ماندوو بکەن. بۆئەوەی تێبگەن کە نابێ هەروا بە ئاسانی بەڵێن بدەن. ئەم بەڵێنانەیان وای کردووە پەتایەکی بە پارێزگا بوون، لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبێتەوە. لە هەندێک ناوچە، بۆتە گرفتی کۆمەڵایەتی، خەڵک

کردوویانە داوای بەپەلەیان.

کوردستان تا ئێستاش بەشێکە لە عێراق، سیستەمی دابەشکردنی کارگێڕی لە عێراق بە دەستوور دیاریکراوە. ئەوەش لە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەتی عێراق و بە رەزامەندی پەرلەمانی عێراق دایە.کەواتە حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان، تەنیا دەتوانن پێشنیار بکەن. ئەوەش جیا لەو کێشەیەی کە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەغدا، لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان هەیەتی. کوردستان تاوەکو هەموو ناوچەکانی بۆ نەگەڕێتەوە، ناتوانێ پلانی دابەشکردنی ئیداری خۆی دابڕێژێت. ئەوە قسەیە بەو مانایە نییە، هیچ کارێک بۆ ناوچەکان نەکرێت. هەر پارێزگایەک، لە نوێ لە کوردستان دروست بکرێ، وەکو پارێزگایەکی عێراقی تەماشا دەکرێت. بۆیە دەبێت دەستوری عێراق بیگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئیمتیازانەی بەرکەوێت کە پارێزگاکانی دیکە هەیانە.

حکوومەتی عیراق، لە کێشەیەکی نەتەوەیی و خاک دای، لەگەڵ هەریمی کوردستان. ئەم دەسەڵاتە دەستوورییانەی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی کوردستان بەکاردێنێ. ئەوەی تا ئیستا لە حکوومەتی عێراق بیندراو، بریتییە لە رێگە نەدان، بە هەرێمی کوردستان، بۆ گۆڕانکاریی ئیداری. هیچ هاوکاریەکی هەرێمی کوردستان، بۆ دروستکردنی روانگەیەکی سەربەخۆ نادات. دەبێ بزانین ئێمە لەو ئاستەنگەدا دەمێنینەوە تا ئەو کاتەی لەگەڵ عێراق یەکلایی دەبینەوە. ئەم یەکلایی بوونەوەیە , یا ئەوەیە کە کوردستان بە شێوەیەکی دیکە، خاکی خۆی دەستدەکەوێتەوە و لەگەڵ عێراقێکی دیموکراتی لێبوردەی هاوکاردا دەژیەت. ئەوکات عێراقی بوون و کوردستانی بوون، بەیەکەوە دیراسە دەکرێ. هەڵبەت ئەمەیان زۆر دوورە. دووەمیان ئەوەیە کوردستان بتوانێ، لە ماوەی دووردا، سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێت، وەک وڵاتێکی سەربەخۆ، ناوچەکانی خۆی، لە رووی ئیداریەوە سەرلەنوی دارێژێتەوە.

**دەبێ بزانین کە دارشتنەوەی سیستەمی کارگێڕی لە وڵاتێکدا ئەم هۆکارانەی خوارەوە تێیدا کاریگەرن:**

**١- هۆکاری جغرافیایی هەیە، وەک تایبەتمەندی ناوچەیەکی دیاریکراو، وادەکات ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەبێت. ئەو ئیدارەیە، باشترین دەبێ بۆ بەرژەوەندی ناوچەکە و بەرژەوەندی دەوڵەتیش.**

**٢- هۆکاری ئیتنیکی هەیە، واتە نەتەوەیەکی سەربەخۆن یان دینێکی سەربەخۆن.**

**٣- ناوچەیەکی بە فەرهەنگ و کولتووری تایبەتی خۆیانن.**

**٤- لە هەمان کاتدا هۆکاری مەزهەبی و دینیش، دیسان دەتوانێ ببێتە بنەما بۆ بەپارێزگا بوون یا بە شیوەی تایبەتی دارشتنەوەی ئیدارەی ئەو ناوچەیە. ئەمە زانستێکی دیاریکراوە کە لە هەموو دنیا لەسەری دەوەستن و پێویستە وەکو رۆشنبیرییەک لە لای سیاسییەکان هەبێت.**

- **پرسی بەپارێزگا کردن و مێژووی شەنگال:**

شەنگال لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، بووەتە "سنجاق"و شاریکی کۆنە. هەڵبەت هەمیشە شارێکی ئێزیدی بووە، مۆرکی ئێزیدیاتی بەسەردا زاڵ بووە. بۆیە بە درێژایی مێژووی خۆی، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بایەخێکی زۆری پێ نەدراوە. وەک ناوچە هەرە پاشکەوتووەکانی سەردەمی عوسمانی و دەڵەتی عێراقی و هەرێمی کوردستانیش، هەر وا ماوەتەوە. هەڵبەت شەنگال، بە رەسمی سەر بە هەرێمی کوردستان نییە بەڵام لە ساڵی 2003وە، کاتێک هەریم دەستی بەسەر شەنگالدا زاڵ بوو، سەرباری کەمێک گرنگی پێدان، کەچی بووژانەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە نەبینیوە.

شەنگال ناوچەیەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی، خاوەنی سەرچاوەکانی ژێر زەوی، بەتایبەتی نەوتە. کۆنیی شاری شەنگال، لە مێژووی شار لە عێراق و کوردستاندا، بایەخ و گرنگی خۆی هەیە. ئەم شارە، بە خاوەنی کولتوور و دین و تایبەتمەندی خۆی دادەندرێ، بۆیە لە رووی دابەشکردنەوەی ئیداری، هەمەجۆری مەزهەبی و کولتووری لێکدی جودای ناو وڵاتێک، نرخ و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ توریزم، لە داهاتوودا جێی سەرنج و بایەخپێدان دەبێت.

تەعریب لە ناوچەی شەنگال، مێژوویەکی کۆنی هەیە. بۆ یەکەمین جار، لە سالی 1869 دەستی پێکردووە. لە سەردەمی مەدحەت پاشا تەعریب دەستی پێ کرد. هەندێک لەو خێڵە عەرەبانەی، ئیستا لە ناوچەی رەبیعە و شەنگال هەنە، لە ناوچە عەرەبنیشنەکانەوە بەرەو ئەوێ هێندراون. هەر بۆیەش ئەو عەرەبانەی، لە ناوچەی شەنگالن، خاوەنی مێژوویەکی نزیک لە 130 ساڵەن. ئەوەش کەم نییە و بە ئاسانی ناسرِدرێتەوە. بوونی بەردوامی عەرەب، لەو ناوچەیە مافیان بۆ دروست دەکات. هەڵبەت لە سەردەمی بەعس و پیش بەعسیش، تەعریب بەردەوام بووە. ئەمەیان دەبێ لە کۆچپێکردنی عەرەب، لە سەردەمی عوسمانییەکان و بەشێکیشی لە سەردەمی دروست بوونی عێراق، سەردەمی پاشایەتی، جیا بکرێتەو. لە سیاسەتی تەعریب کردنی بەعس و پێش بەعس، لەسەر ناوچەی شەنگال، مەبەستیان تەعریب کردنی نیشتمانی کوردان بووە. وەک لە مێژوودا دیار، کۆچ پێکردنی خێڵەکانی عەرەب، لە نەجد و ریازەوە، واتە لە قووڵایی خاکی سعودیەوە کراوە. بۆیە ئەم شێوە کۆچ پێکردنە، مێژوو و ئامانجی

جیاوازە، لە هێنانی عەرەب بە مەبەستی تەعریب و رەشکردنەوەی، مۆرکی کوردایەتی ئیزیدیاتی لە ناوچەی شەنگاڵ.

لە ساڵی 1950 تا 1970 تەعریب لە عێراقدا، مێژوویەکی زۆرەملیی هەیە. لە ناوچەی شەنگال تەعریب، بەپلان پەرە پێدرا. ئامانج گۆڕینی مۆرکی ناوچەی شەنگال، لە ئێزیدی کوردەوە، بۆ عەرەبی ئێزیدی بوو. شەنگال 480 ساڵە قەزایە، واتە لە سەردەمی کۆنی عوسمانیەکانەوە قەزا بووە. پاشان لە عێراقی پاشایەتی و کۆماریشدا، هەر بە قەزایی مایەوە. بەڵام قەزایەکی پاشکەوتوو و پەراویزخراو. ئەوەش دەگەڕێتەوە، بۆ ١- ناوچەی شەنگال کوردن، بۆیە بەردەوام لەبەرچاوی تەعریب بوونە. ٢- ئێزیدینە، بۆیە بەردەوام، لە روانگەی تاکی موسڵماندا، لە ژێر سڕینەوەدا بوون. دەکرێ ناوچەی شەنگال و ئێزیدیاتی، سەرلەنوێ سیستەمی ئیداریان دەسکاری بکرێ و چاک بکرێت. بە شێوەیەک لە بەرژەوەندی بوژاندنەوەی ناوچەکەو پاراستنی تایبەتمەندی دینی ئەواندا بێت. مەرج نیە ئەم سەرلەنوێ پێداچوونەوەیە، بەپارێزگا کردنی بێت. هەر پاریزگایەک، بە پێی پێوەرەکانی جیهانی، عێراقی، ناوخۆیی لەوانەیە شەنگال بیگرێتەوە، یان ناوچەی ئیزیدیاتی بە شێخانیشەوە بیگرێتەوە. لەوانەیە جێی تایبەتی خۆیان هەبێ لە پارێزگایەکدا، یان لەوانەیە ئیدارەیەکی سەربەخۆیان بۆ دروست بکرێ کە مافەکانی ئەوان دابین بکات.

**وێدەچێ ئێستا توانایی ئەوە نەبێت، شەنگال بکرێ بە پارێزگا. لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە ئاسان نیە:**

1- دەبێ دیراسە بکرێ، ئایا ناوچەی شەنگال توانایی بە پاریزگا بوونی تێدایە؟ بە پێی لێکۆڵینەوەکان، خودی شەنگال و دەورووبەری، ئەو پێوەر و تواناییەی تێدا نییە کە ببێت بە پارێزگا.

2-شەنگال بەشێکە لە ناوچەی ئێزیدیاتی، ناوچەی ئێزیدیاتی لە شیخان و باعەدرێش پێک دێت. ئایا هەموو ناوچەی ئێزیدیاتی، دەکرێ بە یەک ئیدارەی سەربەخۆ؟ یان ئەگەر کرا بە پارێزگا، یەک پارێزگا دەبێ یان نا؟ ئەگەر ناوچەی ئێزیدیاتی لە رووی سیستەمی ئیداریدا بکرێت بە دوو پارێزگا، یان لەناو دوو ناوچەی دوور لە یەک دابەش بکرێت، زەرەرێکی زۆر بە سەربەخۆیی، تەکوین، پێشکەوتنی کۆمەڵگەی خۆجێیی ئێزیدی دەگات. بۆیە دەبێ لەبەرچاو بێ و هەوڵ بدرێ کۆمەڵگەی ئێزیدی، لە یەک ئیدارەدا کۆبکرێتەوە. هەردوو ناوچەی ئێزیدی، لەناو ناوچەی کێشە لەسەرەکانن. بە پێی مادەی 140 ئەم ناوچانە، هیچ دەستکاری ناکرێن تا مادەکە جێبەجێ دەکرێ. ئەمەش دەقی یاسایی و سیاسی دیاریکراوی هەیە. بۆیە ئێستا هەر دەستکاریکردنێک لە لایەن هەرێمەوە، لە لای حکوومەتی بەغداوە پێشی لێ دەگیرێ و لە لایەن پارێزگای نەینەواوە کە عەرەبی سوننەن، ناتوانن پشتیوانی بکەن. لە لایەکی ترەوە لە نێوان ناوچەکانی شەنگال و هەرێمی کوردستان، پشتینێکی تەعریبکراو هەیە. ئێستها لە نەتیجەی شەڕی داعشدا، ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە، بەڵام دەبێ بزانین کە چ بەسەر ناوچەکە دێت، ئەمانە دەگەڕینەوە یان

ناگەڕێنەوە! ئەگەر نەگەڕێنەوە دەرهاویشتەکانی چی دەبێ، ئایا کوردستان ناکەوێتە ژێر فشار؟ ئایا عەرەبی ناوچەکە، هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکەن؟ دەبنە کوردستانی یان بەرگری دەکەن؟ لە هەموو حاڵەتێکدا، کۆچ پیکردنی عەرەب لە ناوچەی پشتێنی نێوان شەنگال و هەرێم، کیشەیەکی گەورە دروست دەکات، کارێکی ئاسان نییە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکدا، دەبی کوردستان لە بەرچاوی بێ، کریدۆرێک یان ڕێگایەک، لە نێوان شەنگال و هەرێمی کوردستان بکاتەوە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئیستا دروست کردنی ئەم کریدۆرەی سەر زەوی، بۆ گەیشتن بە ناوچەکانی شەنگال قەبووڵ دەکات. جیهانییان بینیان، کاتێک ناوچەی شەنگال کەوتە بەردەمی هەڕەشە، کوردستان نەیتوانی راستەوخۆ بەهانایانەوە بڕوات. تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو هەموو تەکنیکی سەربازیشەو، هەر نەیتوانی بە تەواوی، ناوچەی شەنگال بپارێزێ. ئەم تەجرەبیەی کارەساتی دوایی، ئاسانکارە ڕێگایە بۆ ئەو ناوچەیە بکرێتەوە. ئەمەش دەبێ دیراسە بکرێ و تەوافوقی نەتەوەیی و ئیتنیکی ناوچەکەی لەسەر بکرێ. دەبێ بەرژەوەندی عەرەبەکانی ئەم ناوچەیە، لەبەرچاو بگیرێ و دابین بکرێ تا نەبن بە کێشەیەک. ئەگینا لەوانەیە ئەمە خۆی هەڕەشەی گەور، بۆسەر کۆمەڵگەی ئێزیدی لە ناوچەی شەنگال، دروست بکاتەوە. هەروەها لە ڕادەی ترس و دڵەڕاوکێ و متمانە نەبونی ناوچەک، زیاتر بکات، کاریگەری بخاتە سەر نەگەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکە.

3 - ئەگەر هەرێمی کوردستان، دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێ یان پیشنیاری بە پارێزگا بوون بۆ شەنگال و ناوچەکانی دیکەی ئێزیدیاتی بکات، حکومەتی عێراقی، زۆر بە ئاسانی دەتوانێ، ڕێکاری سیاسی یان عەسکەری و یاسایی بگرێتەبەر، یان پەنا بۆ دادگەی دەستوری عێراق بەرێت. دادگەی دەستوری، بە پێی ئەو دەقە یاساییانەی کە هەن لە بەرژەوەندی کوردستان بڕیار نادات. ئەوکاتە کوردستان دادەبڕێ و دەکەوێتە بەر فشار. بۆیە نابێ پەلە لە گۆڕانکاری ناوچەی ئیداری شەنگال و ئێزیدیاتی بکرێت. هەڵبەت دەکرێ کۆمیتەیەکی باڵا لە کاربەدەستانی ناوچەکە و کارناسانی دیکەی غەیری ناوچەکەش، لەناو ئەو کۆمیتەیەدا بن، سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بێ و لینکی راستەوخۆی لەگەڵ سەرۆکایەتی کوردستان هەبێ. چاودێری ئەم گۆڕانکاریە ئیداریە کە بۆ ناوچەکە پێویستە بکات. لە هەمان کاتدا سەرپەرشتی ئاوەدان کردنەوە، گەڕاندنەوە، بەهاناوەچوون و پارێزگاریکردنی ناوچەی شەنگال و ناوچەکانی دیکە ئێزیدی بکات.

ئەگەر بۆ داهاتوو بیر بکرێتەوە کە ناوچەی ئیزیدیان، هەنگاوی یەکەم یەک بخرێنەوە. واتە شەنگال بخرێتەوە سەر شێخان و باعەدرێ. ئەگەر ئەم کریدۆرە دروست بکرێ کارەکە زۆر بە ئاسانی دەبێ. ئەوکات شەنگال پەیوەندیەکی زەوینی بە هەرێمی کوردستانەوە بۆ دروست دەبێتەوە. دووەمیان ئەوەیە، ئایا لەم ناوچەیەدا کە عەرەب دەمێنن، کوردی ئێزیدی و موسڵمانیش هەنە، لە دەورووبەری ئەواندا و لەم ناوچەیە کە دەکەوێتە دەشتی نەینەوا، هەموو

رەنگەکانی مەسیحی بە دین و رەنگەکانی جیاواز هەیە، شەبەک، کاکەیی، سابیئە، ئەرمەنی کەم تا زۆر وەک خێزان هەنە، ئەمە وا دەکات کە هەر بیرکردنەوەیەک بۆ شەنگال بکرێ، دەکەوێتە ناو پرۆژەیەکی دیکە کە پێی دەگوترێ پرۆژەی دروستکردنی "پارێزگای دەشتی نەینەوا"؟

شەنگال ئەگەر کریدۆری بۆ دروست بکرێ و بخرێتە ناو پارێزگای دەشتی نەینەوا، ئەوا پێگەی کوردان لەناو پارێزگای دەشتی نەینەوا زیاتر دەبێ. دەشتی نەینەوا ناوچەیەکی کیشە لەسەرە، هەوڵ بدرێ لە داهاتوودا ئەو ناوچەیە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. لە هەرێمی کوردستاندا چانسی شێخان یان شەنگال، بۆ بوون بە مەرکەزی پارێزگا یەکجار زۆر دەبێ. لە هەمان کاتدا مۆرکی کوردستانی بوونی ناوچەکە زۆر ئاسانتر دەبێ. بۆیە واقیعیانە ترە کە کار لەسەر ئاوەدانکردنەوە و رێکخستنوەی ئیداری شەنگال بکرێ، بەڵام هەوڵ بدرێ لەگەڵ پارێزگای دەشتی نەینەوا، بیر لە داهاتووی شەنگال بکرێتەوە.

### تەوەری چوارەم:

## لایەنی دەستووریی

هەر دەستکاری کردنێک لە ئیدارەی شەنگالدا بکرێت، دەبی لەبەرچاومان بێ وەک ئاماژەمان پێدا شەنگال و ناوچەکە دەکەویتە ناوچەی کیشە لەسەر. هیچ ناوچەیەکی ئێزیدی لە دەستوری عێراق ناوی نەهاتووە، تەنیا ناوی کەرکوک هاتووە. ئەوەش ئەگەر رۆژکارێک، کورد توانایی لێکدانەوەی بە بەرژەوەندی خۆی، لەناو دەستوری عێراقدا هەبێت، ئەوا رێگە دەدات، بەپێی بەرژەوەندی خۆی بڕیار لەسەر ناوچەی شەنگال و شیخان بدات. ئەوە پەیوەندی بە داهاتووی عیراق و تەوازونی هیزەوە هەیە. ئەگەر ناوچەی شەنگال نەشکەوێتە ناو پارێزگای نەینەوا، بەڵام یەکبگرێتەوە لەگەڵ ناوچەی شێخان و باعەدرێ، ئەوا ئیدارەیەکی محەلیان بۆ دروست بکرێ، کە لە رووی ئیداری و کۆمەڵگەی خۆجێیی و کولتوورییەوە، دەستەبەری بەرژەوەندییەکانیان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەبیرمان بێ، ئیرادە و خواستی دانیشتوانی شەنگال، کاریگەری زۆریان هەیە، لەسەر هەر هەنگاوێک کە دەهاویشترێ. یەکێک لە کیشەکانی دانیشتوانی شەنگال وەک ئاماژەمان پێی کرد، لەبەرچاو نەگرتنی ئیرادە و توانایی ئەوان بووە. لە کوردستاندا لە رووی دەستورییەوە، هەر کارێک لەسەر خەڵکی شەنگال و شێخان بکرێ، ئێمە یاسای راپرسیمان نییە و ئەوەش دەستمان دەگرێ. لە عێراقیشدا ئەم قانونە بوونی نییە.

نابێ بە تەنیا بیر لە شەنگال بکرێتەوە، چونکە دایدەبڕێ لە ناوچەی شێخان و باعەدرێ. ئەوە بۆخۆی زەبرێکی زۆر بە کۆمەڵگەی ئێزیدی دەگەیەنێ. بۆیە هەر کارێک لەسەر سیستەمی کارگێری ئێزیدیان بکرێ، پیویستمان بە ریککەوتن و هاودەنگی هەیە لەگەڵ حکوومەتی عێراق تا ئەوکاتەی ئێمە لەگەڵ عێراق مابینەوە.

### تەوەری پێنجەم:

## دەرهاویشتە سیاسیەکانی هەر گۆرانکاریەک کە بەسەر سیستەمی ئیداری ناوچەی شەنگالدا بێت

هێرشی دڕندانەی ئەم دواییەی داعش، بۆ سەر ناوچەی شنگال، ئەو کوشت و کوشتار و ویرانکاریەی بەسەری هێناون، مافێک بە ئێزیدییەکان و هەرێمی کوردستان دەدات تا بیر لە ناوچەکە بکەنەوە. لە گرتنەوە و ئازاد کردنی ناوچەکە، تەنیا پێشمەرگەی کوردستان بەشداربووە، بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بۆیە دوای شەڕ و ئازادکردن، دەستی هەرێمی کوردستان لە چارەنووسی ناوچەی ئێزیدیان بە گشتی و شەنگال بە تایبەتی، دەستێکی باڵاو یەکلایەنە دەبێ. هەڵبەت دیسان پێویستی بە تێگەیشتن لەگەل حکوومەتی عێراقی هەیە. بۆیە دەبێ بە وردی، بیر لە دەرهاویشتە سیاسییەکانی بکرێتەوە کە دوای تەواوبونی شەڕ و رزگاربوونی ناوچەکە، ئەوا ناوچەکە لە ململانێی نوێ لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا، نەکوێتە ئازاری نوێوە کە رێ لە ئاوەدانکردنەوە و گەڕاندنەوە، سەرلەوێ راهینانەوەی خەڵکەکە بگرێ بۆ ژیان. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە هێزی پیشمەرگەی ناوچەکە، لە ئێزیدییەکان بێ بە پلە یەک، ئەوە بەومانایە نییە کە هێزی چەکبەدەستی موسڵمان و غەیرە موسڵمانی تیدا نەبێ.

پیویستە سەرۆکی کوردستان، حکوومەتی کوردستان هەول بدەن روانگایەکی سیاسی هاوبەش لە نێوان هەموو هیزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لەناو هەرێمی کوردستان دروست بکەن. بۆئەوەی لە ستراتیژی کوردستان بەرانبەر بە شەنگال و ناوچەکانی دیکەی ئێزیدی، هیچ جیاوازیەک نەبێ، وەک ئەوەی ئێستا تێیداین بە پەرتوبڵاوی و دژایەتی یەکتری بەسەر نەبەین و کۆمەڵگەی ئیزیدی لە نێوان ئەو کێشانە دابەش نەبێت. پێویستە ئەم روانگە هاوبەشە، وەک بەڵگە نامەیەکی نیشتمانی، لە بەینی هێزەکان ئیمزا بکرێ و لە پەرلەماندا بە شێوەی یاسا تێپەریندرێ. بۆ ئەوەی هیچ لایەنێک نەتوانێ مامەڵەی نانیشتمانیانە بۆ بەرژەوەندی حیزبی لەسەر بکات. هەوڵ بدرێ ئەم روانگە کوردستانییە لەناو هەرێمی کوردستان، لە هێزەکانی دەستەندەرکار لەو ناوچەیە بگەیەندرێ. بۆ نموونە لە پەکەکە یان هەر هێزیکی دیکە تا رێزی بگرن.

کێشەی هەرێمایەتی لە ناوچەکەدا کە ئێران و تورکیا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان قیادەی دەکەن، دەستیان دەبێ لە هەر گۆرانێک کە لەنێو پێکهاتەکانی کوردستاندا بکرێت. لە رێی ئەو هێزانەی کە هاوپەیمانی ئەوانن یان

دەستی ئەوان، دەتوانن فشاری سیاسی و قانونی و عەسکەری دروست بکەن. بۆیە دەبێ دیبلۆماسیەتی کوردستان، دوای ئەوەی روانگای هاوبەشی کوردستانی دروست دەبێ، هەول بدات ئەم ستراتیژیەتە بخاتە ناو ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیران و تورکیا. هەروەها هەول بدات سیاسەتی دەست تێوەردانی ئەم دەوڵەتانە خاوبکاتەوە و وابکات کە یارمەتیدەربن و بێلایەن بوەست لە هەر گۆرانکاریەک کە کوردستان دەیەوێ لە ناوچەی ئێزیدیاتی بیکات.

ئێستا لەناو ئێزیدیاندا مەیلی عەرەبی و پەکەکەیی و کوردستانی، پارتی و یەکێتی و گۆران هەیە. ئەمانە هەموویان لەگەڵ یەکتر لە زۆرانبازی و لە کێشەدان. ئەمەش لەسەر جەستەی شەکەت و بریندار و ئاوارەی کۆمەڵگەی خۆجێیی شەنگال دەکرێ، نابی بەردەوام بێ. ئیستا ئێزیدییە عەرەب ویستەکانی کۆن، روویان لە پەکەکە کردووە. ئەوەش بۆ روانگەی غەیرە دینیانەی پەکەکە دەگەریتەوە کە هیچ مەوقیفیکی دینیان، بەرانبەر بە رێورەسمی دینیانەی ئێزیدی نییە. پەکەکە کار لەسەر ئیستقلالیەتی کۆمەڵگەی ئێزیدی لە دەرەوەی کوردستان دەکات. واتە وەک کەمینەیەک تەماشایان دەکات، نەک وەکو کۆمەڵگەیەکی دینی خۆجێیی ناو کۆمەڵگەی کوردستانی. ئەوەشیان خەتەرە وەک ئاماژەمان پێدا، میژوویەکی درێژی هەیە لە ئەرمینیا، کاری لەسەر کراوە و بەشێکی زۆری کوردی ئێزیدی لە ئەرمینیا خۆیان بە ئێزیدی دەزانن نەک بە کورد. بەشێکی زۆر لە ئێزیدییە عەرەب ویستەکان کە بۆ خۆدزینەوە و خۆپاراستن لەدەست ئازاری خێڵی کوردی موسڵمان، خۆیان دابووە پاڵ تەعریب، دیسان سود لەو هەڵوێستەی پەکەکە دەکەن. پەکەکە لەو ناوچەیەدا، ئیمتیدادی سنووری لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان هەیە کە ناوچەی عەسکەری ئەوانە. بۆیە دەبی بیرمان نەچێ، هۆکاری فشار و ململانێ لە ناوچەی شەنگال کارێکی کردەینە، دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

شەڕێکی قورس و وێرانکەر لە ناوچەی شەنگال لە ئارادایە، دوای رزگاریی، هەموو شەڕێک کێشەی ئەنجامەکانی شەڕ، بۆ سەر کۆمەڵگا و دانیشتوانی ناوچەکە دەبێ. هیچ ناوچەیەکی شەڕ دیتوی ئاوارەبوو، دروست ناگەرێتەوە سەر دۆخی پیش شەڕ، بەڵکو کە دەگەڕێتەوە گۆڕانێکی زۆر لە سیستەمی ئیداری و ژیان و قەناعەت و شێوەی کاریدا دەبێت. لەو روانگەیەوە دەبی بپرسین: ئایا ئەو گۆڕانە بە ئەندازەیەک دەبێ کە شەنگال بکات بە پارێزگایەک، پاریزگای موسڵ و عەرەبی ناوچەکە چەند کاریگەریان لەسەر بوون و نەبوونی ئەوەدا دەبێ؟ پێویستە دیراسە بکرێ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیش بکرێ، تا بزانین چۆن تەماشای دەکەن.

جینۆسایدی شەنگال، وەک ئاماژەمان پێدا، ماف بە کوردستان دەدا کە بیپارێزێ. ماف بە کۆمەڵگەی ئێزیدی دەدا کە بە دوای پەناگاکانی خۆیدا لە ناوچەکە بگەڕێ ئاسایشیان بۆ دابین بکات. ئەمانەش ئاستەنگی زۆر لەپێشە، بۆیە دەبێ مامەڵەیەکی واقیعیانە لەگەڵ کێشەکە بکەن.

لەم دواییانەدا بڕیاری چەند پارێزگایەکی نوێ، لە عێراق لەلایەن حکوومەتی مالیکییەوە درا. لەپاڵ هەڵەبج، تەلەعفەریش کرا بە پارێزگا. تەلەعفەر ناوچەیەکی تورکمانی شیعە نشینە، تەلەعفەر لەناو ناوچەی کێشە لەسەرە. کوردستان لە پەرلەمان و حکوومەتی عێراق داوای کردووە کە عێراق دەست رابگرێ و دەستکاری ناوچە کێشە لەسەرەکان نەکات. لەسەر تەلەعفەر لەبەر خاتری هەڵەبجە دانوستاندن کراوە. پێدەچێ ناوچەی شەنگال، لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە خرابێتە سەر تەلەعفەر، کە ئەوە خۆی کیشەیەکی نوێ دروست دەکات. ئێمە دەکرێ پرسیارێکی نوێ لەسەر ئەوە بکەین، ئایا ناکرێ دوای پەلاماری داعش بۆسەر تەلەعفەر، ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان تەلەعفەریش بگرێتەوە. واتە تورکی شیعەی ناوچەی تەلەعفەر، کاریان لەسەر بکرێ کە چارەنووسی خۆیان لە داهاتوودا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببیننەوە. یان لە چوارچێوەی پارێزگای دەشتی نەینەوا موناقەشە بکرێن، ئایا لە بەرژەوەندیدا هەیە ئەوانیش لە چوارچێوەی ئەو پارێزگایەدا، گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ یان نا؟ ئەمانە هەمووی فایلی دەست لێنەدراون دەبێ بیریان لەسەر بکرێتەوە.

له کۆتاییدا دەتوانین بڵێین؛ بەڵێن دان بۆ بە پارێزگا کردنی شەنگال کارێکی ئاسان نییە، ئاستەنگی دەستوری لە پێشە، ئاستەنگی سیاسی زۆری لەسەرە، لە رووی جوگرافیەوە پێویستی بە گۆڕانکاری سەر ئەرز هەیە کە زەمان بکرێ.

پیشنیار دەکەین:

1- زەمانێکی زۆری دەوێ تا ئەو هەموو گۆرانکاریانە کوردستان دەتوانێ بیانکات. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجە و دەسەڵاتی خۆی، کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەنگال بکات. دەستەیەک دروست بکات و بە یاسا کاری ئەو دەستەیە لە پەرلەمان تێپەرێنێ. دەکرێ لە سەرمایەی خۆی، بە ئاشکرا ساڵانە بۆ ئاوەدانکردنەوە و بایەخدان بە ناوچەی شەنگال و ناوچەکانی ئێزیدی، پارە تەرخان بکات. بەو دەسەڵاتی سەربازی کە لە ناوچەکە هەیەتی، پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و سەرلەنوێ نیشتەجێ کردنەوە و بایەخدان بە بوژانەوەی ناوچەی شەنگال سەرکردایەتی بکات. بەبێ ئەوەی کە دەستکاریەکی زۆر لە سیستەمی ئیداریدا کردبێ.

2- دەکرێ حکوومەت لەناو حکوومەت لەناو شەنگالدا هەبێ. واتە سەرباری ئەوەی شەنگال سەر بە حکوومەتی عێراق بوو، سەر بە پارێزگای موسڵ بوو، بەڵام لە کردەوەدا جیا لەو ئیمتیازانەی کە لە عێراق پێی دەگات، لە هەرێمی کوردستانەوە سەرکردایەتی بکرێت و بەڕیوە ببردرێت، ناوچەکە ببوژێندرێتەوە. ئەمەش دەبی توانایی و هێز و بەڕیوەبەرایەتی خەڵکی ناوچەکە، واتە ئێزیدیەکانی ناوچەکەی تێدا ببێت. دەبێ ئێزیدی ئەم ناوچەیە بەڕێوەیبەرن، بە بەشداری پێکهاتەی دیکەی عەرەب و کوردی موسڵمان کە لەو ناوچەیە کەم تا زۆر هەبن.

3-حکومەتی کوردستان، دەبێ لە دروستکردنی ئەو دەستەیە یان ئەم کۆمیتەیەدا، دراسەیەکی باش بکات، لەناو کوردستاندا دەبێ ئەم کۆمیتەیە یاسایی بێت، شوێنی هەبێت لەناو سیستەمی ئیداری کوردستاندا، وەک کارێکی ئیستسنائی لە دەرەوەی سیستەمی ئیداری کارپێکراوی حکوومەتی کوردستان کە بۆ ناوچەیەکی دیکەی پەلاماردراوی کوردستانی دەیکات.

4 بە فراوانی ئێزیدییەکان چەکدار بکرێن و متمانەی پشتیوانییان پێ بدرێت.-

5 بەڕێوەبردنی ئیداری و سیاسی ناوچەکەیان بدرێتە دەستی کاربەدەستە ئێزیدییەکان. بۆ نموونە لق و ناوچەکانی- حزبی لە خۆیان بن.

6 سەرمایەی تەرخان کراوی ناوخۆ و دەرەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە، بە هاوکاری و چاودێری ئەوان، سەرف بکرێت.- پلانێکی خێرا بۆ ئاوەنکردنەوە هەبێت. وەک دروست کردنی گەرەکی نوێ، درووست کردنەوەی مەزارەکانیان.

7 لەڕووی تەندروستی دەروونییەوە، پزیشکی دەرەوە و ناوەوە، لە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتیدا، کار لەسەر- تیمار کردن و چارەسەریی قوربانییەکان بکەن. وەک ڕاهێنانەوەی دەروونی و لەبەرچواندنی ژنە حامیلەکراوەکانی دەستی داعش( ئەوەی بیەوێت).

8- زیاد کردنی ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسی و وەزیر لە حکوومەتدا، لە کەسانی باوەڕپێکراوی ئێزیدییەکان. بۆ ئەوەش لە فکری کەسانی کارتۆنی دوورکەوینەوە .

9 - ئەو هەنگاوانە، زەمینەی قەرەبوو کردنەوە و گێڕانەوەی متمانە، لەناو ئێزیدییەکان بەرز دەکاتەوە. پاش ئەوە پێویستە حکوومەت لە دیراسە کردن و چارەسەر کردنی کێشەکانیان بەردەوام بێت. بۆ ئەوەش میکانیزمی شیاو دابمەزرێنیت.